# چەتری ئازادی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانی گەیاندە حزبی سەوزی بەریتانیا!



رۆژی 5-23 وەفدێکی چەتری ئازادی کە پێکهاتبوو لە هەریەك لە(هۆزان محمود،سیروان محمد سەعیدو دەشتی جەمال) هاورێ لەگەڵ ئەندام پەرلەمانی عێراقی دکتۆر(محمد کیانی) لەگەڵ (جین لامبێرت) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لەسەر لیستی حزبی سەوزی بەریتانیا، لەئۆفیسی جین لامیبرت لە لەندەن، کۆبوونەوە.

سەرەتا وەفدی چەتری ئازادی(جین لامبیرت)ی لە دوایین ئالووگۆڕە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەدوای سەرکوتی خۆپیشاندانەکان لەلایەن دەسەلاتەوە ئاگادارکردوە. بەشێوەیەکی تایبەتیش تیشکی خستە سەر میلیتاریزکردنی شارەکان، رێگرتن لەهەر جۆرە خۆپیشاندانو کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی هاوڵاتیان، هەڕەشەی کوشتنو گرتنو ئەشکەنجەدانی هەڵسوڕاوانی سیاسیو چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان، غەرامەکردنی رۆژنامەنووسانو پشتگوێخستنی سەرجەم داواکاریە رەواکانی خۆپشاندەران لە پێناو ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵیو دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان .

لە بەشێکی دیکەی قسەوباسەکاندا وەفدی چەتری ئازادی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەعیراقو کوردستان، رەوشی زیندانیەکان، گەندەڵی سیاسیو مالی، تیرۆرو کیشمەکیشی نێوان کوتلە سیاسیەکانی نیو پەرلەمانی عێراق بۆ بەدەستهێنانی پۆستە باڵا حکومیەکان ئاگادارکردەوە.

پاشان لەسەر ژێرپێنانی یاساو بەکاربردنی"یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان" لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەمەبەستی رێگری لە دەربرینی نارەزایەتی خەڵك، لێدانو سوکایەتیکردن بە ئەندام پەرلەمانەکان، کە بەرێز محمد کەیانی خۆی یەکێك بووە لەو ئەندام پەرلەمانانەی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی پارتیەوە سوکایەتی پێکراوەو لێیدراوە، زانیاری پێویستیان دایە ناوبراو.

وەفدی چەتری ئازادی داوایان لە (جین لامبیرت )کرد کە حزبەکەی(حیزبی سەوزی بەریتانی) نامەی نارەزایەتی ئاراستەی دەسەلاتداران بکاتو تیایدا داوای دەستبەجێ کۆتایهینان بە میلیتاریزکردنی شارەکانی کوردستان، سەرکوتو گرتنی هەڵسوراوانی سیاسی، وەلاَمدانەوە بەداخوازیەکانی خەڵك بکات کە بۆ ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتیو خزمەتگوزاریە گشتیەکان و هەڵوەشاندنەوەی یاسی خۆپیشاندان بەرێکەوتوە.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا داواکرا کۆبوونەویەك بۆ چەتری ئازادی لە پەرلەمانی ئەوروپا لەگەل لایەنەکانی پەیوەندیدار بۆ مافی مرۆڤ سازبکرێ.

جین لامیبریت، ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا لە حیزبی سەوز، رایانگەیاند کە بەگرنگیەوە دەروانئە دۆخی سیاسی عیراقو کوردستان. سەرباری نیگەرانی خۆی لە رەوشی سیاسی ئیستای عیراقو کوردستان، بەلینی دا بەناوی لیستی حزبی سەوزەوە لە پەرلەمان نامە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکەنو هاوکات کۆبوونەوە لە پەرلەمانی ئەوروپا لەگەل لیژنەی مافی مرۆڤ بۆ چەتری ئازادی ساز بدەن.

لەكۆتايی كۆبوونەوەكەدا وەفدی ناوبراو لەسەر دوايین رەوشی پەنابەرانو كەمپینی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بۆ دژوەستانەوەی ناردنەوەی پەنابەران قسەوباسیان كرد. داوا لە ناوبراو كرا كە پشتیوانی خۆیان بۆ مافە رەواكانی پەنابەرانو دژ بە دیپۆرتكردنەوەی بەزۆری پەنابەران رابگەیەنن. لەوەلامدا جین لامبیرت واژۆی خۆی دا لەو نامەی نارەزایەتیەی كە بۆ بەرپرسانی عیراقی ئامادەكراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێكەوتننامە لەسەر حسابی پەنابەرانو وەرنەگرتنەوەی پەنابەرانی بەزۆر دیپۆرتكراو بۆ فرۆكەخانەی بەغدا .

**چەتری ئازادی/ 23-5-2011**